لاریجانی: وادەی خولی داهاتوی دانوستان لەگەڵ واشنتن ئادەگەیەنین

عەلی لاریجانی ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران ڕایگەیاند، لە ئێستادا ڕاوێژکارییەکان سەبارەت بە وادەی خولی داهاتوی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا لە ئارادان و لە داهاتوشدا وادەیەکی نوێ ئادەگەیەنرێت.

عەلی لاریجانی کە لە چوارچێوەی گەشتێکی ناوچەییدا سەردانی قەتەری کرد ڕایگەیاندوە، "دانوستانەکان لەگەڵ واشنتن باش بون، تا ئادەیەك، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت لەسەر بنەمای یەك کێبونەوە حوکمێکی تەواو بدات".

وتیشی، لە ئێستادا هەردولا تاوتوێی وادەی خولی داهاتوی دانوستانەکان دەکەن".

لاریجانی بەرەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە شاری مەسقەتی بەجێهێشت و بەرەو دەوحە بەڕێکەوت، کە دوەم وێستگەی گەشتە ناوچەییەکەی دوای سەردانی سوڵتانییەتی عومان و لە لێدوانێکیشدا جەختی لەسەر گەشبینی خۆی بۆ دانوستانەکانی نێوان تاران و واشنتن کردەوە.